کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22:12 10-4-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرەتایەک بۆ ئازادی پارچەکانی کوردستان لەڕۆشنای هەڵوێستەکەی بارزانیدا، گەر دەسەڵاتی کوردی خواستی بێت ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا
halabjayi@hotmail. com



یەکێک لە ئەرکەکانی نوسەری ڕاستگۆ و حەق بێژ ئەوەیە، هەمیشە نوکی خامەکەی ئامادەبێت بۆ بەگژداچونەوەی هەموو دیاردە پەست و گەندەڵەکانی دەستەڵات و تەواوی کۆمەڵگا، هەرگیز لە پێناو کۆمەڵێ بەرژەوەندی تایبەتیدا وشەکانی ناخی خەفە نەکات، ، بەهەمان شێوەش پێوستە بۆ هەموو هەڵوێستە بەرزو مرۆڤ دۆستانە و نیشتیمان پەروەرانە، هەموو پەیڤە جوانەکان کە لە زاری هەچ کەسێکەوە دێتە دەر، دەم خۆشی و دەست خۆشی ئاراستە بکرێت و، پشتیوانی خۆی بۆ دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەوەی کەسی خاوەن پەیام هەست بکات گەر هەستێت بەو هەموو ئەو ئەرکە نیشتیمانەی لەسەر شانیەتی، ئەوا تەوای کۆمەڵگا بە گستی و تۆێژی ڕۆشنبیران بەتایبەتی پشتیوان و هاو دەنگینی...

دیارە بۆ دەستەڵاتی کوردی بارێکی هێندە قورس و گرانە کە هەڵوێستی نیشتیمانی خۆیان بنوێنێن، هەمیشە لە نێوان وتەو دیدارەکانیاندا سەدان دەستە واژە دێننەوە بۆ پەیڤەکانیان، کە دونیایەک تەمتومانی تێدا بەدی دەکرێت، هەر ئەمەشە وای کردوە بە جۆرێک لە جۆرەکان دابڕانێک دروست بێت لە نێوان دەستەڵات و کۆمەڵگا بە گشتی و دەستەڵات و ڕۆشنبیران بە تایبەتی، ، بە دڵنیایشەوە ئەم جۆرە دەبڕانە نەک تەنها پرۆسە نیشتیمانیەکە لە کار دەخات، بەڵکو دەبێتە هۆکار و ئیفلیج کردنی هەموو ئەو چەمکانە کە کۆمەڵ بەهەموو تاکەکانیەوە دەبەستێتەوە بە نیشتیمانەوە، ، ئالێرەوە بە تایبەتی لە ناو تۆێژی گەنجاندا مانایەک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی کەسی گەنج هەست بکات ئەو دەستەڵاتە پیرە دەتوانێت گوزارشت لە خەون و ئاوات و ئارەزوەکانی بکات

بەڵام هەچ کاتێک دەستەڵات توانی ئەو متمانەیە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، ئەوە بە دڵنیایەوە، کار و هەوڵەکانی کۆمەڵگاش بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکانەوە لەوەدا کۆدەبنەوە کە پایەو کۆڵەکەکانی ئەو دەستەڵاتە هەم بەهێز بکەن ولە لایەکی تریشەوە بەردەوام لە هەوڵی جوانکردن و ئارەستەی گۆڕان بەرەو ئاقارێکی مۆدرێندا بەرن، ، ڕەنگە ئەم کارەش بۆ دەستەڵات هێندە قورس وگران نەبێت، ئەگەر تەنها و تەنها کەمێکی بەرژەوەندیە تایبەتەکانیی خۆیان و بنەماڵەکانیان وە لا بنێن و، بیرێک لە میلەت بکەنەوە وەک ئەو هەڵوێستە جوان و نیشتیمان پەروەرانەی دوێنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مەسعود بارزانی) کە بەڕاستی هەڵوێستێکە مایەی دەم خۆشی و دەست خۆشیە کە بەڕێزیان ڕووبەڕوی خوێن مژان و بەربەریەکانی ئەتاتورک دەبێتەوە و دڵنیایان دەکات کە ڕۆژێک دێت کەرکوکیش خەمی ئامەد هەڵگرێت، ، بە مانایەکی تر کە ئێمەش وەک کوردستانی باشور ئازار و چەوساندنەوەی پارچەیەکی تری لەشمان لە باکور بوەتە مایەی نیگەرانی خەمی نەبڕاوەمان، ، ئەڵبەت ئەمە یەکێکە لە و ڕووبەڕوو بونەوانەی کە هەر لە ئێستەوە پێوستە دەستڵاتی کوردی کاری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەسەر بکات و خۆی بۆ ئامادە کات بۆ ئەگەری جەنگێک ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر هەمان هەڵوێستی نیشتیمانی و کوردایەتی

بۆیە لێرەدا بەڕاستی کاتی ئەوە هاتوە کە دەستەڵاتی کوردی بە گشتی و خودی سەرۆکی هەرێم بە تایبەتی بەر لەهەر ڕوبەڕوبونەوەیەکدا لەگەڵ نەیاری کورد، پێوستە هەوڵەکانی سەرەتا لەوەدا چڕ بکاتەوە جارێکی تر میلەت و دەستەڵات ئاشت کاتەوە، چونکە لای هەموان ئاشکرایە گەل ساڵانێکە بە هۆی ئەو هەموو لە پەراوێز خستنەیان لەلایەن دەستەڵاتە وهەموو ئەو گەندەڵییە ناو حوکمەت و تەواوی نارێکی دابەش کردنی سەروەت و سامانی میلەت و قۆرخ کردنەوەی هەمووی تەنها تەنها لەدەست و گیرفانی دەستەڵات داراندا، میلەت تەواو تۆراوەو ئاشتبونەوەشی کارێکی هەروا سانا نیە، ئەگەر هەموو ماف و باهای بەرزی هاوڵاتی بونی بۆ نەگەڕێتەوە، ، ئەمەش تەنها بەوە دەکرێت کە دەستەڵات لە بەرەیەک نەبێت و میلەتیش لەبەرەیەکی تر، بەڵکو دەبێت جۆرێک لە ئاوێزان بوون لە نێوانیاندا هەبێت

بۆیە بەڕاستی ڕۆژی ئەوەیە کە دەستەڵاتی کوردی قۆڵی دڵسۆزی و نیشتیمانی و کوردایەتی لێ هەڵ بماڵێت، وەک ئەوەی چەندین جار لە سلێمانی و هەولێر بە ناوی جیا جیاوە هەر جارەی لەژێر دروشمێکدا دەیان جار برا عەربەکانیان بانگهێشتنی کوردستان دەکرد بۆ ئاشتەوای کورد و عەرەب، کورد و بەعسیەکان، شیعە و سونە... هتد

بە جارێکیش بانگهێشتی میلەت بکرێت بۆ ئاشتەوای لەگەڵیاندا، ، لای هەموان ڕوونە کە گەل ساڵانێکە لە دەستەڵات تۆراوە، ، من دەپرسم گەر وەک ئەوەی ئەو هەموو خوێن خۆشکردنەی بەینی شیعەو سونەتان کرد ئەو هەموومیوانداریەی برا عەرەبەکانتان کرد تەنها جارێکیش بانگهێشتی گەلی کوردیش بکەن ئاشت بێتەوە لەگەڵتانە شەرمەزاریە؟ سوکایەتیە؟؟؟

بەڕێز سەرۆکی هەرێم... دڵنیا بە گەر میلەت لە دەستەڵات و حوکمەتەکەتان ئاشت نەکەیتەوە، ، ئەوە ئەو هەڵوێستە جوان و بەرزو نیشتیمان پەروەرانەت هەرگیزاو هەرگیز ئومێدێکی بۆ نیە بتوانیت لە گۆڕەپانی واقیعدا نەک پراکتیزەی بکەیت، بەڵکوو جارێکی تریش دووبارەی بکەیتەوە

بۆیە من وەک هاوڵاتیەک کورد، لاوێکی هەڵەبجەی، نوسەرێکی تازە قەڵەم بەدەست، تەنها ئەوە داواکاریمە با ئەم هەڵویستە جوان وشۆڕشگێرانەت کە دڵی هەموو کوردێکی بەئەمەکی خۆش کرد لەهەر چوار پارچەکای کوردستان، با ئەمە یەکەم هەنگاوی دەستەڵاتی کوردی بێت بەڕێبەرایەتی بەڕێزتان بۆ هەموو بە گژاچونەوەیەکی هەموو ئەو دەوڵەت دەستەڵاتانە کە ماف و ئازادیەکانی کوردیان پێشێل کردوە، ، بەڵام با سەرەتا لە خۆتان و دەستەڵاتەکەی خۆتانەوە دەست پێ بکەن، چونکە ئەو دەستەڵاتەی کوردستانی باشورش بە شێوەیەک لە شێوەکان ماف و ئازادی و گەلی تێدا پێشێل کراوە، چونکە هەڵوێستی بەرزی شۆڕشگێرانی بەڕێزتان، ، بێ پشتیوانی میلەت نەدەبنە چەکوش بۆ سەری زوحاکەکان، نە تروسکەی سەرفرازیش بۆ پارچەکانی کوردستان ...

دوو بارە و سەد بارە دەڵێم دەمت خۆش بارزانی بۆ پێشەوە بارزانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ تورانیە فاشیستەکاندا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.